# هەواڵی ئەدەبی

***ئانا ئاخماتۆفا، لەچاپێکی تازەی فەرەنسیدا**



ئـەدەبی زینـدوو کـۆن نـابێ، ئـەوە ئـەو حیکمەتەیـە کـە داهێنـەرە گـەورەکان بـەگوێی دنیایاندا دا. لەناو میللەتانی گێتی هەندێك هەن لەوانی تر بەختەوەرن بەهۆی دەوڵەمەندی ئەو ئەدەبە زیندووەی هەیانە. رووسەکان ئەو کەسە بەختەوەرانەن. لەناو خوێندەوارانی دەیان ناوی کەڵەنووسـەری رووس هەیـە کـە بەرهەمـەکانیان خوێندراوەتـەوەو شـاکاریان نمـایش کـراوە بەفیلمو لەسەر شانۆ..تاد.

ئانا ئاخماتۆفای ژنە شاعیری رووس یەکێکە لەو زیندوانە، ئەگەرچی ئەو ساڵی 1966 دوای ئـازاردان و بـەر نـەفرەتکردنێکی بـێ سـنوور لەلایـەن رژێمی ستالینیەوە لەبترسبۆرگ گیانی سـپارد، بـەڵام شـیعرە مـۆرە تریفەییـەکانی هەمیـشە بـەناو دڵو دەروونـی خوێنـەرانی جیهاندا گوزەر دەکەن.

لەتازەترین وەرگێڕاندا یەکێك لەدیوانەکانی ئـەو شـاعیرە لەلایـەن نووسـەرو وەرگێـڕی فەرەنـسایی سـۆفی بینـیش-ەوە کراوەتـە فەرەنـسی. کۆمەڵـە شـیعرەکە نـاوی "پرسـەدارە"ەو دوای مـەرگی شـاعیر لەرووسـیا چاپ کراوە.

ژەنگ لەزێڕ دەدا
پۆڵاش دەبێتە خۆڵەمێش
مەرمەڕ وردوخاش دەبێ
هەموو شتێك بۆ مەرگ ئامادەیە
تەنیا خەم دەمینێ
ئەو هەتا سەر زیندووە
چونکە وشەی پاك و بێگەرد لەخۆدەگرێ.

***کارلۆس فیونتس لەسەر عەرشی باز**

رۆمـانی "عەرشـی بـاز" تـازەترین رۆمـانی نووسـەری مەکـسیکی کـارلۆس فینـۆنتس-ە. رووداوەکانی لەساڵی 2020 روو دەدەن، کاتێـك ئەمـەریکا پـەلاماری مەکـسیك دەدا لـەڕێی راگەیاندنەوە بۆ تـەفروتووناکردنی، دوای ئـەوەی مەکسیك لەڕووی مام سام هەڵگەڕایەوە.

رۆمانەکـە باسـی ژیـانی عەرشـی حـاکمی مەکسیك دەکا کـە خـۆی تووشـی شـێرپەنجەی خوێن بووە، وەزیرو داروودەستەکانیشی بۆ مەرامی تایبـەتی بـەدەوری ئـەو عەرشـەدا دەخولێنـەوەو لەژێرەوەش بۆ ئەمەریکا کار دەکەن.

ئـەوەی جێگـــەی ســـەرنجە ئـــەم ڕۆمانـــە لەئـەمریکادا بەشـێوەیەکی بەرچـاو فرۆشـراوە زیاتر لەشوێنانی تر.

## *ژیانی ئەدیبان..

لـەزۆر شـوێنی جیهانـدا ژیـانو بەسـەرهاتی ئـەدیبان تۆمـار دەکـرێ، جـا بەنووسـین بـێ یـا فیلم. لـەناو ئێمـەدا ئـەو جـۆرە هەوڵانـە ئێجگـار دەگمـەنن، ئەگـەر هەشـبن پـڕ لەکـەموکورتین یـا بەشێوەیەکی بێلایەنانە نەنووسراونەتەوە. ئایا ئەدیب موڵکی کێیە؟

کتێبی "ژیانی ئەدیبان"ی خافیا ماریاسی ئیسپانی کە تازە مارگرێت کوستا کردوویەتییە ئینگلیـزی ســەرنجی خوێنـەرانی بەشـێوەیەکی بەرچاو ڕاکێشاوە.

ئەو کتێبە سەرگوزشتەی 26 کەڵە ئەدیبی دنیا دەگێڕێتەوە، لەوانە رامبۆ، فلۆبێر، تۆماس مان، لۆرانس، بۆدلێر..

ئەگەرچـی بەشـێکی گرنگـی ڕەخنـەی نـوێ بایـەخ بـەدەق دەدا لـەبری بایەخـدان بـەژیانی نووسەران، بەڵام ئەم لایەنەش خوێنەرو بایـەخی تایبەتی خۆی هەیە.

## *شاعیرانو شەڕەکان..

شیموس هینی شاعیری ئێرلەندیو وەرگری خـەڵاتی نۆبـڵ لـەتازەترین بەرهـەمی شـیعریی خۆیـدا کەلەنیـسانی 2006دا بڵاوکراوەتــەوە باسـی شـەڕی ئەفغانـستانو عیراقـیش هاتۆتـە نـــاوەوە. ئـــەو هەنـــدێك دیمـــەنی جـــەنگی نەخـشاندووە ئـەو کاتـەی هێزەکـانی ئەمـەریکا هاتوونەتـــە ســـەر خـــاکی ئێرلەنـــدە. واتـــە ئیـــشکردنی هینـــی کارکردنـــە لەســـەر یادەوەرییەکان بۆ بینینی ڕەهەندەکانی ئێستا، هەنـدێك لەڕەخنـەگران وای دەبیـنن کـە ڕەوتـی شیعری شیمۆس هینی دەرکەوتنی ولیەم باتلـەر ییتس-ە لەسەردەمێکی تردا.



شیموس هینی

## *ئایا لەدوای شەست دا ژیان هەیە؟

پاڵەوانی ڕۆمانی "جەژنێکی پووچی لەدایك بوون" باسـی ژیـانی دوای شەسـت سـاڵی دەکـا. ئـەو کاتـەی پاڵەوانەکـەی بـەر لـەوادەی خـۆی خانەنشین کراوە بەهۆی تێکەڵکردنی دەزگاکەی لەگـەڵ دەزگایـەکی هاوشـێوەدا. زۆران لەخـەو ڕادەبـێ لەبەرەبـەیانی ڕۆژی دووەمـی خانەنـشین کردنیـــدا کەچـــی نـــازانێ چـــۆن ئـــەو ڕۆژە بەسـەرببات؟ بـێ کـاری جێگـەی سـەعاتەکانی کـارکردنی گرتۆتـەوەو هـەموو تواناکـانی کـە ســـاڵانی خزمـــەتکردن بـــەکاری هێنـــابوو بەهەدەرچـوون، ئێـستا هەسـت بەشـەرمەزاری دەکـاو نـازانێ چـۆن هـەواڵی خانەنـشین کردنـی بەخێزانەکـەی ڕابگەیـەنێ؟ چـۆن پێـی بڵـێ، کـە ئێـستاکێ ئـەو هەسـت بـەبێ هـوودەیی دەکـا لەژیانیدا؟ بۆیە زۆران هەوڵدەدا گۆڕانێك بێنێتە ئاراوەو ڕۆتینی ژیانی بگۆڕێ؟

ئـەو کـارەی لیونیـل شوشـونی فەرەنـسایی دەچێتە قاڵبی ئەدەبی کۆمیدی گاڵتەجاڕەوە.